# تیشکەکانی خۆشەویستی

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)



**(تۆ)ی کاتەکان**

که ڕۆژ هەڵدێ
من بیر لە تۆ ئەکەمەوە
چێشتەنگاو و دوا نیوەڕوان
هەر بیرت لێ ئەکەمەوە،
ئای ئێواران!
دەمە دەمی ئاوابوونان
هەستم تیژپەڕ،
وەک نغرۆبوونی زەردەپەڕ
چەند بیرت لێ ئەکەمەوە!!
کە شەو دادێ
بیریشم هەر بۆ لای تۆ دێ
شەو و ڕۆژ و کاتەکانی
چێشتەنگاو و دوانیوەڕوان
ئاوابوون و لای ئێواران
هەموویان ئێستا بوون بە تۆ
هەر بۆیە ئارەزوو ئەکەم
سەر لەنوێ بیانبینمەوە!!

**خۆ پاراستن**

پێویستە ئیتر ئاگام لەخۆم بێ
تۆ بوویتە (هەموو) لە دڵی مندا
خۆم بپارێزم،
چونکە لەمەودوا..
هەناسەکانتە کە هەڵیانگرتووم!

**درەخت**

نازانم پێشتر
من چۆن ژیاوم؟!
ئەوە ڕەگەکان، تۆ ئاوت داون
ئەوە گەڵاکان، تیشکی تۆ ئەمژن
ئەوەش گوڵەکان، بۆنی تۆ ئەگرن
ئەی ورشەکانیش
دەنگی کزەبا و شنەی ئەوینتن
لق و پەلکەکان

هێڵی ڕوخسار و جووڵەی بەژنتن
نازانم پێشتر
من چۆن ژیاوم؟!
لەسەر کام خاکی ئەم گەردوونەدا
بێ تۆ ڕواوم؟!

### هەمیشە بەهار

لەبەهارا
عەشقی تۆ بووم،
وا پایزە و بەرگی جەستەم شکۆفەیە!

### مردن

چەندەها جار
بە قوربانی خاکی بەرپێ و
گەردیلەکانی یەکتر بووین
دڵمان سپارد بە یەکتری و
هەناسەمان لەخۆ بڕی،
پێشتر وامزانی عەشقمان مردنە(١)
لێ ئاشکرابوو.. ئێمە هەردووکمان
بۆ ژیان ئەمرین!

### مانگ و زەوی

بووینە هاوڕێ و جیابووینەوە
ئەو بۆ لایەک ملی ڕێی گرت
منیش لە خاڵی وەستانا
لە پاشانا،
کە یەکدیمان بینییەوە
من هەر لەوێ، گۆی زەوی بووم
ئەو وەک مانگێ
نیگاکانی بەسەرمەوە ئەنیشتنەوە!!

### هاوکێشە

بوون و نەبوون
لەخاڵی بێماناییدا بەیەک ئەگەن
بوون و نەبوون
لە جەنگی خۆشەویستیدا دڵ لێئەدەن

### ترپە

دەمی بەهار بوو
یەکترمان خۆشویست
بینیم دڵی ئەو توند توند لێئەدا
خەزان بوو ئیتر، پێکگەیشتینەوە
ئەو ئاسایی بوو،
بینی دڵی من توند توند لێئەدا!!

### پەرجوو

نە شوینەکان
نە کاتەکان
نە ئاواز و
نە دیمەن و
نە ڕەنگەکان،
هیچیان نەبوون خاوەن پەرجوو
بەتەنها هەر سیحری تۆ بوو
خەونم ئەبینی ڕووبەڕوو!!

### خۆشەویستی

بەمنالی
سێ پیتی (خ)م لا گرنگ بوون
خواردن و خەوتن، خۆشتن
کە گەورەبووم، جەنگ هەر هەمووی بیربردمەوە
ئەوەی منی گەڕاندەوە
ئەوەی منی ژیاندەوە
پیتێکی تۆختری (خ) بوو
بێگومان .. خۆشەویستی بوو!!

### چاو

نە تریفەی مانگ ئەتوانێ
خەمەکانم بسڕێتەوە
نە تیشکی خۆری زێڕینیش
خۆشبەختیم بژێنێتەوە
نە شنەی با،
کە هەرچەندە فێنکایی دێنێ بە دڵما
نە بارانیش
حەسرەتم بخوسێنێتەوە
تەنها چاوی گەشی تۆیە
کە دەتوانێ بەیەک چرکە
دنیام لەبیربەرێتەوە!!

### نیشتمان

گەر مرۆڤەکان
یەکیان خۆشبوێت
خاک و نیشتمان
ڕازاوەتر و ئاوەدانتر و
لە توێی دڵاندا شیرینتر ئەبێت!!

(١) بۆچوونێکی ئەرستۆیە کە پێی وایە خۆشەویستی مەرگی خۆی لە خۆیدا هەڵگرتووە و لە بنەڕەتدا مردنە.